# وەلامی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی کوردۆلۆجی / قۆناغی 1 ئینگلیزی

س١/ ئەمانە بە وردی باس بکە؟

**کوردۆلۆجیا**

بۆ یەکەم جار زاراوەی (کوردۆلۆجیا) لە ساڵی (١٩١٣) لە لاپەڕە (٨) ی ژمارە (٢) ی گۆڤاری (ڕۆژی کورد) لە ئەستەمبۆڵ لە لایەن (د. عەبدوڵڵا جەودەت) ەوە بە کارهاتووە.

**جینۆسایدی فیزیکی (جەستەیی): phicical Genocide**

ئەمە ئاشکراترین و سادەترین شێوازی جینۆسایدە. کە بە (کوشتن، لەسێدارەدان، گوللەبارانکردن و زیندەبەچاڵکردن) یاخود بەهەر ڕێگایەکی تر لەناوبرێن. ئەم جۆرە قڕکردنە وەك لە هێرشە سەربازیەکان و بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی لەناوبردنی وەك چەکی کیمیاوی و گازی ژەهراوی و چەکی فسفۆڕی ئەنجامدەدرێت یاخود بە گوللەبارانکردن و لە سێدارەدانی بەکۆمەڵ وزیندەبەچاڵکردندا خۆی دەبینێتەوە. نموونەی ئەم جینوسایدە لە مێژوودا یەکجار زۆرە و لە عێراقیشدا لە دژی شیعەکان لە باشوور و کوردەکان لە باکور ئەنجامدراوە.

ئەسکەندەری مەکدۆنی

لە دوای زەینەفون، (ئەسکەندەری مەکدۆنی) کاتێك کوردستان داگیر دەکات لە شەڕێك بە ناوی (ئەربێلا) یاخود (گۆگامێل) وا دەکات سەرنجی هەموو دنیا بۆ کوردستان ڕابکێشێت چونکە ئەو شەڕە یەکەم سەرکەوتنی ڕۆژئاوا بوو بەسەر ڕۆژهەڵات.

**ئەکادیمیای زانستی سانت پترسبۆرگ**

زانستی کوردۆلۆجی لەکۆتایی (سەدەی نۆزدە و ناوەراستی سەدەی بیستەم) بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە زانستی ڕۆژهەڵاتناسی جیابووەوە، ئیتر لەو کاتەوە لە زانکۆکانی ئەوروپادا بە تایبەتی لە (ئەکادیمیای ڕوسیا، زانکۆکانی فەرەنسا، ئەڵمانیا، سوید و بەریتانیا) وەك بەشێك سەر بە لێکۆڵینەوەی ئێرانناسی و ڕۆژهەڵاتناسی دەخوێندرێت، کوردۆلۆجی لە زانکۆکانی هەموو ئەم وڵاتانەدا لەبەر هۆی سیاسی هەرگیز سەربەخۆ نەبووەو پاشکۆی بەشی ئێرانناسی بووە، بەڵام بۆ یەکەم جار لە ڕوسیا لە ساڵی ١٩٥٩ بەشی لێکۆڵینەوەی کوردناسی لە(ئەکادیمیای زانستی سانت پترسبۆرگ) لە بەشی ئێرانناسی جیابووەوە و بوو بە بەشێکی سەربەخۆ، ئەم کارەش لەسەر دەستی زانا (پیتەر لیرخ) هاتە بەرهەم.

**زمانی ستاندارد**

زمانی ستاندارد ئەو شێوەیەیە کەوا لە ئاکامی دەست تێوەردانی ڕاستەوخۆی کۆمەڵەوە دروست دەبێت چەند دەزگایەکی ئەکادیمی یان زمانەوانی یان لایەنێك دەیانەوێت شێوەیەکی ستاندارد دروست بکەن. بۆ ئەو مەبەستە شێوەیەك لە شێوەکان هەڵدەبژێرن و دواتر بەهۆی کۆمەڵێك گۆڕانکاری تێدا زمانێکی ستاندارد دەهێننە بەرهەم ودەبێت بە زمانی فەرمی، زمانی ستاندەریش زمانی خوێندن و نووسینە بەڵام مەرج نییە کە زمانی دایك یان زمانی ئاخاوتن بێت، ئەو نەتەوەی کەوا ناسنامەی زمانەکەی لە هەڕەشەدا بێت تەنیا بە زمانی ستاندەر دەتوانێت بەرگری لەمانەوەی خۆی بکات. چونکە زمانی پەروەردە و فێرکردن و زمانی فەرمی دامودەزگا حکومیەکانەو زمانی بنیاتنانی نەتەوەیە.

**یۆنانییەکان**

یونانییەکان واتە گریکەکان لە زەمانی دێرین، یەکەم کەس بوون هاتوونەتە کوردستان و بۆ یەکەم جار کتێبیان لە بارەی کورد و وڵاتی کوردییەوە نووسیوە هەر بۆیەش یەکەمین و کۆنترین سەرچاوە کە ناوی کوردی تیدا هاتبێ و پەیوەندی نێوان رۆژئاوا و کوردمان بۆ بگێڕێتەوە، کتێبی (ئاناباسیس زەینەفونە) ئەمە بووە سەرچاوەیەك کە ئەوروپا بۆ ناسینی کورد پشتی پێ بەست. ئەم گەشتنامەیە بەزمانی یۆنانی کۆن نووسراوە وبەشێکی تەرخان کراوە بۆ گێڕانەوەی ئەو کارەسات وبەسەرهاتانەی کە زەینەفۆن ولەشکرەکەی بەسەریان هاتووە.

**٢س/  بوشاییەکان بە وڵامی ڕاست پڕ بکەوە:**

الف)  لە زمانناسی نوێدا جۆرەکانی دیالێکت بەسەر چوار جۆر دابەش دەکرێن:

١- دیالێکتی ستاندارد

٢- دیالێکتی ڕەگەزی

٣- دیالێکتی جوگرافی

٤- دیالێکتی چینە کۆمەڵایەتیەکان

---

**ب) جۆرەکانی حیکایەتیش ئەمانەن:**

١. حیکایەتی خوڕافی        ٢. حیکایەتی میللی        ٣.  حیکایەتی گیانداران

---

ت) **یۆنانییەکان شیعریان بۆ چوار جۆر دابەش کردووە کە بریتین لە** :

(١. گۆرانی، ٢. داستانی، ٣. درامی، ٤. فێرکردن)

---

**ث) گرنگترین دەریاچەکانی کوردستان کامانن؟**

١- دەریاچەی وان : گەورەترین دەریاچەیە لە باکووری کوردستان و ئاوەکەشی سوێرە.

٢- دەریاچەی ورمێ : لە شاری ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئاویشی سوێرە.

٣- دەریاچەی گوولجوک (خەزەر): لە باکووری  کوردستان واتە باکوری شاری دیاربەکرە.

٤- دەریاچەی زرێبار (زریوار): لە ناوچەی سنە نزیک شارۆچکەی مەریوانە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات.

---

س٣/

**الف) بۆچی ئیدیۆم بەکاردێت و گرنگی ئیدیۆم چیە؟**

١. بۆ دەرخستنی سیفەتی کەسێکە یان شتێکی باش یان خراپ یاخود دیارخستن وزەقکردنەوەی حاڵەت ودیاردەیەك لەناو کۆمەڵگادا.

٢. ئیدیۆم شێوازی هونەری تایبەت وشێوازی ئاخاوتنی ئاخێوەرانی زمانی دایکە.

٣. لەجیاتی ئەوەی مرۆڤ ڕای خۆی بەرامبەر هەڵوێستێك، کەسێك، ... هتد بە چەند وشەیەکی سادە دەربڕێت، دێت بە ئیدیۆم دەری دەبڕێت، تا قسەکەی بەهێزتر وکاریگەرتر وسەرنجڕاکێش تر بێ.

٤. بۆ ڕەوانی وجوانکاری وکورتبڕیە.

---

**ب) هۆکاری بایەخپێدانی ڕۆژهەڵاتناسە ڕووسەکان بە بابەتی کوردۆلۆجی چییە؟**

١- بوونی ژمارەیەکی زۆری کورد لەو وڵاتە.

٢- بوونی سنووری ڕاستەوخۆی ڕوسیا لەگەڵ گەلی کورد.

٣- بوونی زانیاری دەربارەی کورد ووڵاتەکەیان بە شێوەی ڕاپۆرتی دبلۆماسی وسەربازی لە کتێبخانە ومۆزەخانە وئەرشیفەکانی وڵاتی ڕوسیا.

---

**ج) جیاوازی نێوان زمان و دیالێکت**

١- زمان لایەنێکی گشتی وسنوورێکی فراوان دەگرێتەوە و تارادەیەک هەموو دیالێکتەکان لە خۆ دەگرێت، بەڵام دیالێکت ناوچەیەکی سنووری جوگرافی دیاریکراو لە خۆ دەگرێت.

٢- زمان کۆی هەموو ئەو جیاوازیانە دەگرێتەوە کە لە نێوان دیالێکتەکانی زماندا هەیە، بەڵام دیالێکت لەسەر بنەمای ئەو جیاوازیانە دروست دەبێت کە لەناو زماندا هەیە.
٣- زمان پەیوەستە لەسەر بنەمای لەیەکتر نەگەیشتن، بەڵام دیالێکت پەیوەستە بە بنەمای لەیەکتر گەیشتن، واتە ئەگەر دوو قسەکەر لەیەکتر گەیشتن ئەوە پێی دەوترێت زار، بەڵام گەر لەیەکتر نەگەیشتن ئەوە دەبێت بە دوو زمانی سەربەخۆ.
٤- زمان بەپێی رەگەزی ئەندامانی کۆمەڵ ناگۆرێت، بەڵام دیالێکت بەپێی رەگەز و جوگرافیا و دابەش بوونی چینەکانی کۆمەڵگە دابەش دەبێت.

---

**د) بەشێوەی گشتی دابەشبوونی جوگرافی کوردستان باس بکە بە ژمارەی دانیشتوانیەوە؟**

ژمارەی دانیشتوانی لەنێوان (٢٥- تا ٤٥) ملیۆن کەس دەبێت. بەگشتی دابەشبوونی جوگرافی کوردستان بەم شێوەی خوارەوەیە:

١- تورکیا: ژمارەی کورد لەتورکیا نزیکەی (٢٠) ملیۆنە.
٢- ئێران: ژمارەی کورد، لەئێران زیاتر لە (١٢) ملیۆنە،
٣- عێراق: ژمارەی کورد، لەعێراق زیاتر لە (٧) ملیۆنە،
٤- سوریا: ژمارەی کورد لەسوریا، لە (٢) ملیۆن زیاترە،
٥- هەندێ وڵاتی تر: وەک (لوبنان، ئیسرائیل، پاکستان، ئەفغانستان، وڵاتەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو لەوانە (ئەرمینیا و ئازەربایجان و گورجستان، تورکمانستان )، ئەمە جگە لەوەی ژمارەیەکی زۆری کورد لە ولاتانەی ئەوروپا (تاراوگە) نیشتەجێن.

---

**٤س/ پێناسەی دیالێکت بنوسە و جۆرەکانی دیالێکت بژمێرە؟**

پێناسەی دیالێکت : بەو جیاوازیانە دەوترێت کە لە نێوان جۆرەکانی یەک زماندا هەیە، وەک جیاوازی رێزمان ولایەنی پێکهاتەیی وشە وچۆنیەتی دەربڕین.

١- دیالێکتە کۆمەڵایەتییەکان
٢- دیالێکتە پیشەییەکان
٣- دیالێکتە ناوچەییەکان
٤- دیالێکتی پەتی
٥- دیالێکتی رەمەکی

---

**٥س/ تایبەتمەندییەکانی پەند قسەی نەستەقی کوردی چین باسیان بکە؟**

١. لە شێوەی فێرکردن وپەند وئامۆژگاری دان.
٢. کورتبڕی وخەست وقوڵی لە داڕشتنندا.
٣. سیفەتی نەمری وزیندوویی لە خۆ دەگرن.
٤. ڕوخسار وناوەڕۆکێکی بەرزیان هەیە.